ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# سوڵتانی پیرۆزی نووسەر.. نووسەری مەسینەهەڵگری سوڵتان

فاضل قەرەداغی

کێ بەرپرسە لە گەندەڵکردنی رۆشنبیریو توێژی نووسەرانو رۆژنامەنووسان؟ زانیارییە هەرە سادەکە پێمان دەڵێت کە نەك تەنها لە کوردستاندا بەڵکو لەهەموو وڵاتانی ناوچەکە موغامەرەیەکی گەورەیە نووسەر شتێك بڵێت دەسەڵات نیگەران بکات. لەم کونەشەوە گەندەڵکردنەکە دزە دەکات. بە قەسیدەیەك وەسفی باڵندەیەك بکە هیچ روونادات بەڵام ئەو هیچە دەبێتە شتێك ئەگەر دێڕێك شیعر دژی سوڵتان بنووسی، شتەکەش گەورە دەبێت ئەگەر سوڵتانەکە لە چینی بوونەوەرە پیرۆزەکان بێت.

سوڵتان هەموو شتەکانی لەدەستی خۆیدا هێشتۆتەوە، بە ژیانو نانی نووسەرەوە، نووسەریش لەنێوان دوو ئاگری چاولێسوورکردنەوەو نانبڕاندایە. سوڵتان حەزی بە ستایشەو رقی لە رەخنەیە، لەمەشەوە پەیوەندییەکە لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو هاووڵاتییەکی چالاکەوە دەردەچێتو شێوەیەکی تر وەردەگرێت: یان هەڕەشەو گوڕەشەو یان موقاوەڵاتو هانیّو بێنە.

لاتان سەیر نەبێت ئەگەر ببیستن کە لەو دەڤەرەی تری کوردستاندا پاسەوانی تایبەتی بەرپرسێك بە مەسینەیەکەوە بۆ سەر ئاو بەدوای ئاغاکەیدا دەڕوات. ئەمە دیمەنێکە تەنها یەك جارو دوو جار نەبینراوە. مەسینەهەڵگرتن لە حاڵەتێکی تاکەوە بۆ ناو فەزایەکی گەورەتر کێش دەکرێتو دەبێتە کەلتوور، بەرجەستەبوونێکی ئەو کەلتوورەش لەجیهانی رۆشنبیریدا لەسەردەستی (دەسەڵات)و (مەسینەهەڵگر) دەبینرێت.

دیارە ئەمە ریسواییەو دیارە چارەسەری پێویستە، ئەو چارەسەرەش لە دوو شتدا خۆی دەبینێتەوە: نانی دەمی رۆشنبیر لە دەستی سوڵتاندا نەبێت، دووەمیش رۆشنبیر رزگاری بێت لە نەبوونی رێزی خۆی لە خۆی. ئینجا دیارە ئەمە چارەسەر نییە بەڵکو شۆڕشە؛ شۆڕشی رۆشنبیر بەسەر خۆیداو شۆڕشی بەسەر بەپیرۆزراگرتنی دەسەڵات. بەڵام ئەم چارەسەرە چەند لەسەر کاغەز ئاسانە جێبەجێکردنی سەد قات گرانە. شۆڕش بۆ خۆی پرۆژەیەکی گەورەو سەختە، هەر وەکو هەموو شۆڕشێکیش دەبێت پێداویستییەکان دابین بکرێن. لەبەر ئەوەش کە ئەم پرۆژەیە لە یەك وتارو دە وتار گەورەترە، هێندە لێرەدا بەسە بەشێوەیەکی بەرجستە ئەو نەخۆشییە بخەمە روو کە ژمارەیەك نووسەر گیرۆدەینو کە وتم بریتییە لە نەبوونی رێزی خۆ بۆ خۆ.[1]

لە ژمارەیەکی پێشووی هاوڵاتیدا (ژمارە ٢٣٤ـە ٢٠٠٥/٧/٢٧، ل١٥) بابەتێکم نووسیبوو بەناونیشانی (با مەسعوود بارزانی دەست لە سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵبگرێت). بەر لەبڵاوبوونەوەی باسەکە دیارو ئاسایی بوو لام کەسانێکی وابەستەی پارتی تووشی هەڵچوون بن، وەڵامدانەوەش هەروا شتێکی ئاساییو چاوەڕوانکراو بوو، لەوەش زیاتر ئەوە چاوەڕوانکراو بوو وەڵامەکان رەگێکی شێتییان پێوە دیار بێت. ئەوە بوو لە ژمارەی دواتری هەمان رۆژنامەدا دوو وەڵام بڵاوکرانەوە.

---

[1] تێبینی: ١-داوای لێبوردن لە نووسەران دەکەم ئەگەر ئەو رەئووفەم خستبێتە ریزی نووسەران. ئەم بابەتەم کاتێك نووسی کە وام زانیبوو نووسەرێکی پارتی بە ناوی خوازراوەوە ئەوەی نووسیوە بەڵام دوایی زانیم ئەو رەئووفە بەرپرسی راگەیاندنی لقی چواری پارتییە، نەشمویست دەستکاریی ئەم بابەتە بکەم و وەکو خۆی هێشتمەوە.

باسی تەنها یەکێکیان دەکەم‌و دەیکەمە نموونە. (رەئووف رەباتی) ئەم ناوونیشانەی نووسیوە:(فازڵ قەرەداغی ئیمزای کردووە.. یان تەپوتۆز..!)، بێ موبالەغە، ئەو وەڵامەم خوێندەوەو تێر پێکەنیم، ماڵئاوا خۆت بی! کەم نووسین هێندەی ئەوەی تۆ ئاوا دەمخاتە پێکەنین.. گوێ لە وشەو تەعبیرەکانی بگرن تا بزانن باسی چ جانەوەرێك دەکات:

*(نووسینەکە)دەچێتە خانەی وڕێنەنووسینێکی بێ میتۆدو بیروڕایەکی ئاڵۆزو نامەوزوعی‌و بێ بەڵگەوە..

*لەپێناوی بەرگریکردن لە گوتاری تیرۆرو ئسولیەت‌و وەهمی ئاینی‌و هەڵچوونی دەروونی‌و ئاڕاستەی ناعەقڵانیدا..

*بەپێی وردبوونەوە لە بەرهەمە کرچوکاڵەکانی فازڵ..

*فازڵ یەکێکە لەو کائینە سەیرو عەجایبانەی کە ئەنتی بیروڕاو ئایدیای مرۆڤدۆستی‌و سیستەمی دیموکراسی‌و ماف‌و ئازادییە مەدەنی‌و شارستانی‌و پێشکەوتنخوازەکانە لە جیهانی مۆدێرنی ئەمڕۆدا..

*نەك وەك تێڕوانینی کۆلکە خوێندەوارو واعیزێکی وەك فازڵ..

*ئیدی فازڵ بۆ وا دووچاری هیستیریا بووەو لەسەر قووندان‌و مرۆڤ کوشتنی شێخ زاناو باندە قووندەرەکەی ئیمزامان بۆ دەکات بۆ دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆك بارزانی..

*لێرەدا تێدەگەین کە فازڵ چەند کاڵفام‌و نەزانە..

*فازڵ(..) زۆر مونافیقانەو زۆر زۆڵانە ویستوویەتی..

*ئا ئەمەیە مەنتقی ئاژاوەگێڕی‌و فسق‌و فەساد، ئا ئەمەیە ئاگری ژێر کاو خوای تێکدان‌و تەفرەقەو ناتەبایی ریزەکانمان..

*ئەمەیە تێڕوانینی دۆگماو ئسولیەت..

*ئەمەیە هەلپەرست‌و نەبوونی هیچ ویژدانێکی زیندوو و هیچ راستی‌و دروستییەك..

*ئەی نا ئافەرین فازڵ..! بەڕاستی سەلماندت کە تۆ چ مەعدەنێکی ژەنگاوی‌و چ رەگەزێکی بێ بارو بێ هەڵوێستی‌و هەرگیز تۆو هاوکوفەکانت خودان بیروڕای مرۆڤ دۆستی‌و فکری جوان‌و حەقیقەت نین.. بەڵا لێتان دات..!

ئەمە بەشێکی وشەو تەعبیرەکانی ئەو کەسەن، پێویستیش ناکات دیفاع لەخۆم بکەم چونکە نەك تەنها خۆم بەڵکو هیچ کەسێکی تر ناگرنەوە لەبەرئەوەی ئەوانە وەسفی جانەوەرێکن کە نازانین هەیە یان نییەو ئەگەر هەیە شکڵی چۆنە. سەرجەم نووسینەکەش جگەلەوەی نیشانەی هەڵچوونێکە تا پلەی بوون بە هەڵم، هەروەها نیشانەی بێدەسەڵاتییەکی گەورەیە تا ئەو رادەیەی نووسەر لەکۆتاییدا دوعایەکی پیرێژنانە دەکات: ((بەڵا لێتان دات..!))، شێوازی دەربڕینی نووسەرو دووبارەکردنەوە وشەی ((باندە قووندەرەکە)) لەیاد نەکەین کە دیارە ئەم جۆرە تەعبیرانە هاوبەشن لەنێوان ئەو باندەو نووسەرەکە!

مەبەستی نووسەریش لە نووسینەکەیەوە دیارە؛ نووسەر ئەوەی پێناخۆش بووە کە لەجیاتی بەپیرۆزراگرتنی مەسعوود بارزانی بڕوام بە ئەهلیەتی نەبووە لە وەرگرتن‌و راپەڕاندنی پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم، بۆیە لەجیاتی وەڵامدانەوەی ئەو شتانە بازیان بەسەردا دەدات. جگەلەوەش تەپوتۆزی تووڕەییەکەی نەیهێشتووە لەو شتانەی نووسیومن تێبگات، بۆ نموونە کە باسی پاشام کردووە کابرا دەڵێت((هەرگیز جەنابی سەرۆك بارزانی خۆی بە پاشا نەزانیوە)) ئەمە لەکاتێکدا بۆتە شتێکی زانراو لای کەسانی سادە کە لەم وڵاتانەدا ((سەرۆکەکان)) لە پاشاکان (بەواتای پاشا کۆنەکان) جیاناکرێنەوە. یان کە باسی مەرجە قورسەکانی بارزانیم کردووەو چۆن بوونە هۆی دواکەوتنی

پێکهێنانی حکومەتو ئیفلیجکردنی پەرلەمانو کردنی کورد بە بابەتی پێکەنین کابرا دەنووسێت: فازڵ دەڵێت پارتیو بارزانی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمیان فەرزکردووە! ئینجا دەنووسیت: یاسای سەرۆکایەتی پاش چەندین ئاڵوگۆڕی بیروڕا جیاوازەکانو پاش هەڵسەنگاندنێکی زانستیو یاسایيو پاش گفتوگۆیەکی تێرو تەسەلی پڕ لە قەیران..تاد بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئەوەشم نووسیبوو کە چاوەڕێ بووین پارتیو سەرۆکەکەی بڵێن راستە تاقمەکەی شێخ زانا پەیوەندییان بەوانەوە هەبووەو چاوەڕێی هەڵوێستیان بووین لەمەڕ دزەکردنیان بۆ ناو دەزگا ئەمنییەکان بەڵام نەك هەر بەلای تیۆری دزەکردنەوە نەچوون بەڵکو لەوە زیاتر لەسەر بێگەردیی خۆیان سووربوون. پرسیار لە دەوری پارتی لەو مەسەلەیە کە هەموو هاوڵاتییەکی وردبین دەیکات بێ وەڵام ماوەتەوەو لەجیاتی وەڵام ئەو برادەرە بە مەنتقی گێڕی((ئەوەی لەگەڵ ئێمە نییە دژ بە ئێمەیە)) لە شتەکان تێدەگاتو پرسیارەکە بە دیفاعکردن لەو تاقمە ناودەبات، نەك ئەو نووسینەشم بەڵکو هەر کەس پرسیارێك لەم جۆرە بکاتو گومانێك لەم شێوەیە دەربڕێت بە دیفاعکەری دەزانن، تەنانەت کەسمان بیستووە راستەوخۆ ئیدانەی کارەکانی ئەو تاقمەی کردووەو ناڕاستەخۆ ویستوویەتی بڵێت ئەو تاقمە کاریان بۆ پارتی کردووە کەچی قسەکانی بە دیفاعکردن لە تاقمەکە لێکدەدرێتەوە. بەو مەنتقە پێویستە هەموو دەمەکان دابخرێن چونکە قسەی لەو جۆرە بێگەردیی حزب لێڵ دەکات.

من دەمێکە شارەزای مەنتقی هەڵگێڕانەوەی شتەکان بووم. کاتی خۆی کە سەرنووسەری رۆژنامەی رێگای یەکبوون بوومو لەمیانەی وەڵامدانەوەی قسەکانی بەرپرسێکی ئیعلامیی پارتی کە زۆر داکۆکیی لە عەلمانیەت کردبوو نووسیبووم: ((مەلا مستەفا باوەڕی بەدامەزراندنی حکومەتێکی کوردی هەبوو کە بەپێی شەرع حوکم بکاتو خەڵکی دیندار لەبەر ئەمە شوێنی بارزانی کەوتبوون وەك چۆن هەرلەبەر ئەوەش نەفرەتیان لەکەسانی تر کرد.. ئایا بارزانی لەسەر هەڵە بوو یان ئەمە لادانە لە رێبازەکەی؟))، لەجیاتی وەڵامی ئەو پرسیارە راستەوخۆ و ساکارەش بابەتێك لە گوڵاندا بڵاوکرایەوە بە ناوونیشانێك لەم جۆرە: رێگای یەکبوون سووکایەتی بە پیرۆزییە نەتەوەییەکان دەکات!

جگەلەوەش کەسێك بەناوی خوازراوی (عەبدوڵڵا) وەڵامێکی توندی دایەوە بەڵام لە وەڵامی خۆمدا هەمان پرسیارم کردەوەو نووسیم: ((.. بۆ ئەوەی (عەبدوڵڵا) خۆی لەو پرسیارە بدزێتەوە: ئایا بارزانی عەلمانی بووە یا نا؟ ئەگەر عەلمانی نەبووە ئایا لەسەر هەڵە بوو کە عەلمانی نەبوو؟ تا سەد جاریش ئەم موناقەشەیە بکرێت من ئەو پرسیارە هەر دووبارە دەکەمەوە تا وەڵامێکم دەست دەکەوێت لەو جۆرە نووسەرانە..))..*(بەم نووسینەی ئێستاش بووە جاری سێیەمی موناقەشە، هێشتا نەوەدوحەوت جارم ماوە).*

بینیتان؟ بەردەوام خۆلادان لە وەڵامو پەنابردن بۆ قسەی ناشیرینو هەڵگێڕانەوەی شتەکان. گومان نییە پاش بڵاوبوونەوەی ئەم نووسینەشم کەسێك بە هەمان شێوە وەڵامبداتەوە. بەڵام بە حەماسەتی ئەمانە مەخەڵەتێن چونکە بە تەجروبەی خۆم بۆم دەرکەوتووە کە دڵگەرمترین نووسەری ناو پارتی بەزۆری ئەوانەن کە رابوردوویان پاك نییەو دەیانەوێت وسڵی خۆیان دەربکەن، هەروەها ئەوانەی خەلفیەتە فیکریو حزبییە کۆنەکەیان زۆر لەپارتی جیاوازە، هەموو ئەمانە موزایەدەی پارتێتی بەسەر ئەو نووسەرانە دەکەن کە لەکۆنەوە پارتینو منەتیان بە کەس نییەو دەتوانن موناقەشەی سەرووتری خۆیان بکەن.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ئەو باسانە تەنها یەك چیرۆكن لەناو ئەو شتە جەوهەرییەی لێرەدا مەبەستمە: ((پیرۆزیی سەركردە)). ئەو رەئووفە نەیتوانیوە توخنی ئەو رستەیەی نووسیومە بكەوێت((پارتی دەسەڵاتەكەی لەسەر ئەو ئەفسانەیە دامەزراندووە كە سەركردە هەڵە ناكات))، هیچ كەسێكیش لەجۆری ئەو توانای ئەوەی نییە چونكە ئەگەر بڵێت وا نییە دەبێت هەنگاوی دووەممان پیشان بدات بەوەی بڵێت سەركردە لەم شتەو لەو شتەدا هەڵەی كردووە، بەڵام ئەمە كوفری گەورەیە! نەك تەنها ئەو كوفرەش ناكرێت بەڵكو جەزبەو ئیمان دەگەنە حەوتەمین تەبەقی ئاسمان:

⋆سەرۆك بارزانی هەمیشە بڕوای بە مەنتقی عەقڵ‌و فەلسەفەی بیروڕای جیاوازو پلورالیزم‌و دیموكراسی هەبووە.

⋆پرس‌و راو راویژكاری هەمیشە یەكێك بووە لە خەسلەت‌و سیماو سروشتە جوانەكانی جەنابی بارزانی.

⋆بارزانی زۆر باش لە دنیای سەردەم تێگەشتووە..

⋆كەسایەتییەكی دیموكراسیخوازو سەركردەیەكی خۆبەخشی وەك بارزانی..

⋆سەرۆك بارزانی هەمیشە هەڵوێستی شەرەفمەندانەو بیروڕای مرۆڤدۆستی هەبووە.

جەزبەو ئیمان، راست بن یان هەڵبەستراو، لەكۆتاییدا لەلایەن سوڵتانەوە پاداشت دەكرێن!

رۆشنبیرو سوڵتان پەیوەندییەكی پتەویان پێكەوە هەیە، ئەو پەیوەندییەش هێندە سادەو ئاشكراو زانراوە بەكورتی باس بكرێت باشەو هەر درێژەدان بە باسكردنی شتێكی زیادەیە. لەبەر ئەوەش كە وشەی رۆشنبیر بڕێكی زۆری ستایشی تێدایە مەیدانەكە تەسكتر دەكەمەوەو تایبەتی دەكەم بە نووسەر، نووسەریش وەك دەزانین مەرج نییە رۆشنبیر بێت وەك چۆن مەرج نییە رۆشنبیر نووسەر بێت.

نە نووسەرو نە دەورەكەی دیارو ئاشكرا دەبن تا دەوری دەسەڵات دیاری نەكرێت. لەم حاڵەتەی ئێستاشماندا چەند سوڵتان بەرزتر راگیرا پێویستە نووسەر هێندەی ئەوە ریسوا بێت، كاتێكیش سوڵتان بووە بوونەوەرێكی پیرۆز ریسوایی نووسەر بەركەماڵ دەبێت. بێگومان نووسەر هەیە ریسوایی بۆ خۆی قبووڵ ناكات بەڵام بەشی ئەو نووسەرە چاوسوورلێكردنەوەیە، بەلای كەمیشەوە مەحرووم كردنە لە بەخشندەیی سوڵتان. دیارە ئەمە گوناهی سوڵتانە كە هاوكێشەكە وا قۆڕ دەرچێت بەڵام نووسەر خۆی بەشەكەی تری گوناهەكە هەڵدەگرێت چونكە بەو موقاوەلەیە رازی بووە. تاوانی گەورەی نووسەریش ئەو كاتە بەدی دەكرێت كە دەبێتە مەسینەهەڵگر.

وەك وتم پەیوەندیی سوڵتان‌و نووسەر زۆر سادەو ئاشكرایەو شتێكی زیادەیە لەسەری بڕۆین، ئەوەی دوای ئەوە گرنگە ئەوەیە نووسەر بێ خۆخەڵەتاندن تەماشایەكی خۆی بكات‌و بزانێت لەكوێدا راوەستاوە. رەنگە بۆی نەكرێت لایەنی ئابووریی خۆی چاك بكات تا چاوی لە دەستی سوڵتان نەبێت، رەنگە نەتوانێت بوێرانە بنووسێت، بەڵام لەكۆتاییدا دەتوانێت یەك شت بكات: رێز بۆ خۆی بهێڵێتەوە. بێگومان باجی ئەو رێزە دەدات بەڵام باجەكە چەند زۆر بێت هەر كەمە. ئیختیاریش بەدەستی خۆیەتی، تا ئەو ئیختیارەش دەكات سەدو یەك مەسینەهەڵگر لەڕیزدان بە زمانی جوێن‌و هەڵگێڕانەوەی شتەكان وەڵام بدەنەوە، چاری ئەمانە ناكرێن تەنها ئەوە نەبێ لەجیاتی دوعای پیرەژنانەی (بەڵا لێتان بدات) دوعایەكی تریان بۆ بكەین: هەر بژین بۆ سوڵتان.. لكم دینكم ولی دین، سوپاسێكیش قەرزارمی كە دەرفەتم بۆ رەخساندی سوڵاتان خەڵاتت بكات.

ZAGROS WEBSITE